**بەشی حەوتەم:**

## ئەدەبیاتی سەردەمی ئێرانو هەوڵدانە فیمینیستییەکان

تیۆریو روانگەکانی فیمینیستی لەبەرهەمە ئەدەبیەکانی سەردەمی ئێراندا هاتووە وەکو ئەم بەرهەمانە: ژنان بەبێ پیاوان، توبا و واتای شەو، خەوی زستانیو بیرەوەرییە شڵەژاوەکانو هەروەها لەهەندێك راگەیاندنی ناوخۆییو لەچوارچێوەی دروشمی کۆمەڵایەتی سەربەخۆخوازو ئازادی تەواوو دژایەتی لەگەڵ هاوسەرگیریدا. زۆربەی قارەمانانی ئەو چیرۆکانە ژنان پێکیدێنن کە بەشێوازی توندڕەوانە هەندێ کاریان ئەنجامداوە کەوەرگیراوە لەدروشمو بیرو بۆچوونەکانی فیمینیستی لەرۆژئاواداو لەم ئاراستەیەدا پیاوان کەسایەتی دژە قارەمانیان هەیەو لەو بەرهەمانەدا پیاوان وەکو ستەمگەرانی مێژووی ژیانی مرۆڤ، ژنانیان خستووەتە ژێر ستەمو کۆیلەیەتی.

دوو هۆکاری گرنگ کاریگەری داناوە لەسەر ئەدەبیاتی فیمینیستی لەئێراندا:

١- بیروباوەڕو روانگە فیمینیزمییەکانی سەردەمی رۆژئاوا.

٢- بزووتنەوەی ئەدەبی فیمینیزمی کەزۆربەیان لەوڵاتانی ئەورووپیدا پێکهاتووە.

خانمی "شەهرنووش پارسی پوور"ە رۆمانەکانی "ژنان بەبێ پیاوان"و "توباو واتای شەو"و ... زۆربەی کەسایەتیە سەرەکییەکانی کچانو ژنانی داناوە. لەهەموو رۆمانەکانیدا بەتایبەت





ئەو رۆمانانەی کەدوای حکومەتی ئیسلامی لەئێراندا نووسیویەتی، باس لەپەیوەندی تاریكو خراپی نێوان پیاوانو ژنان دەکاتو گلەییو سکاڵای خۆی دژی سیستمی پیاوسالاری دەربڕیوە کەسەرچاوەی گرتووە لەنەریتەکانی کۆمەڵایەتیو ئایینیو پێکدادانی کەسایەتیەکان بەجۆرێك سیمبولی نەریتە دێرینو ئاینییەکانەو بیرۆکەی رزگاری بۆ ژنانی ئێرانی لەیاسایی کردنەوەی نەوەی ئەمڕۆی ئێران لەرۆژئاوادا دەبینێت. لەرۆمانەکانی "پارسی پوو"دا هەڵسوکەوتی ژنانو پیاوان لەیەکتر پچڕاونو ژنانی ئێرانی وەکو "کۆیلەی سێکسی پیاوان" دەژمێردرێن. "شەهەرنووش پارسی پوور" لەرۆمانی "توباو واتای شەو"دا ئایین بەشتێکی وەڵامدەر نازانێت کەبتوانێت وەڵامدەرەوەی پرسیارەکانی مرۆڤ بەتایبەت ژنان بێتو پێش لەهەموو شتێکیش تەئکید دەکاتەوە لەسەر پێویستی سەربەخۆیی ژنانو ئازادییان لەچوارچێوەی ئایینیو نەریتەکانی کۆمەڵگا.

لەرۆمانەکانی "خەوی زستانی"و "بیرەوەرییە پەشۆکاوەکان" نووسراوی "گۆڵی تەرەی"، کەسایەتی ژنانو پیاوان بەشێوازی جیاواز توێژینەوەیان لەسەر دەکرێو کەسایەتی پیاوان ناتوان، غافڵ، لاواز، مەغۆلو ناڕاستو تێکچوو دژی قارەمانو ... دەرکەوتوونو لەبەرامبەردا ژنان عاقڵو بیرمەندو هەستیارن کە بەدرێژایی مێژوو لەژێر چەوساندنەوەی سیستمی پیاوسالاریدا بوونو هەروەها پیاوان بەهۆی سیستمی زاڵبوو لەسەر کۆمەڵگا بەبێ شایستەییو بەکەڵك وەرگرتن لەتوندوتیژی زاڵبوون بەسەر ژناندا.

خانمی "مەهشید ئەمیر شاهی" لەرۆمانی "بارانو تەنهایی"دا شێوازێکی تر لەفیمینیزم دەردەخات، لەم رۆمانەدا ژنێك چاوەڕێیە تا مێردەکەی بگەڕێتەوەو لەتەنهایی رزگاری بکات، بەلاّم لەکۆتایی رۆمانەکەدا سەگێکی باران لێدراو دێتو بۆشایی مێردەکەی پڕ دەکاتەوەو لەمڕووەوە پیاوەکە لەگەڵ سەگەکەدا یەکسان دادەنێتو یەك بایەخو گرنگی بۆ دادەنێت.

وەها بەرهەمگەلێك جۆرێك دژایەتیو تێکچوون لەنێوان رەگەزی پیاوو ژندا دروستدەکاتو تایبەتمەندیی تێکدانی هاوسەنگیو ئارامی خێزانو کۆمەڵگای هەیە.

هەروەها روانگەکانی فیمینیستی لەهەندێك لەراگەیاندنەکاندا گرنگی پێدراو زۆربەی تەوەرە فیمینیستییەکان لەوەها بلاوگەیەکا رێگەچارەی رۆژئاوایی بۆ رزگاری ژنو چەوسانەوەو لاوازکردنی مافی ژنانو بەلاوە نانی سیستمی پیاوسالاری کەسەرچاوەی لەئیسلامەوەیە.

لەگۆڤاری "کۆمەڵگای سالم" ژمارەی ٢٤دا هاتوو:

"رێکەوتن لەگەڵ کۆمەڵگای مۆدێرندا دەتوانێ کۆمەڵگا بپارێزێت لەداوی نەریتی توندڕەوانەو رەفتاری دژە کۆمەلایەتی... تدو بزووتنەوەی ئیسلامی رادیکاڵ سەرەرای روبەڕووبوونەوەی جدی لەگەڵ دەولەتدا سەبارەت بەمەسەلەی ژنان بەتوندی موحافیزەکارە..."





لەشوێنێکی تردا بەئاماژەدان بەفیلمی سینەمایی " سارا "، ژنێك کەدوای تێپەڕکردنی کێشەکانی ژیان لەکۆتاییدا بەجێهێشتنی ماڵو هاوسەرەکەی خۆی رزگار دەکاتو دەنووسێت: "... ئەو ژنە بە لەدەستدانی پێگەیەکی گرنگ، پێگەیەکی گرنگتر بەدەستدێنێت، پێگەیەك کەهێزی سومبولێتی دەتوانێت هێمایەك بێت بۆ کەسایەتیو رزگاریی ژنان لەیاسا دانراوەکانی کۆمەڵگای کلاسیك ...."

هەروەها لەم گۆڤارەدا هاتووە:

لەشیکردنەوەی پێگەی جیاوازییەکانی مافی نێوان ژنانو پیاوان هاتووە:

"بەراشکاوی بڵێم: لەئیسلامدا پیاوی موسڵمان تەواوترین کەسێتی لەکومەڵگادا هەیەو لەمڕووەوە (دیە) خوێنی تەواوی دەدرێتێو گرنگی پیاوی موسڵمان لەکۆمەڵگای ئیسلامیدا راستیەکی کۆمەلایەتی نییەو راستیەکی شەرعییە...."

... ئەگەر باوەڕی ئایینی ئەوەبێت کەپیاوان لەعەقڵو هێزی خوا زیاتر سوودیان وەرگرتووە، ئەوا سروشتیە کەکوژراوەکە دەبێ نیوەی "دیە"ی مرۆڤێکی تەواو بداتە بکوژەکە....

لەژمارەی ٢٧ی ئەو بلاوگەدا سەبارەت بەستەمکردنی سێکسی، سەرچاوەی لەدابەشکردنی کار دەزانین.

"لەولاتی ئێراندا دەتوانین ئاماژە بدەینە ئەو رێگرانەی لەبەردەم ژناندایە"

١- نەریتو رەسمی كلاسیك كەدابەشكردنی كار بەپێی رەگەز پەرە پێدەدات.

٢- روانگەی پیاوانو ژنان بەپێی كاری ژنان بەتایبەت لەبارەی پیاوانەوە لایەنی رێگری هەیەو لەبایەخە كۆمەڵایەتیەكانەوە سەرچاوە دەگرێت.

٣- هەلو مەرجی ئابووریو كۆمەڵایەتی كەئاستی گەشەكردنو پێشكەوتنی كۆمەڵگا پیشان دەداتو لەوڵاتانی بەرەوگەشەكردن بەگوێرەی كۆمەڵگا پێشكەوتووەكان كاری ژنان رووبەڕووی دژوارییەكی زیاتر دەبێتەوە.

٤- بوونی یاسای رێگر لەبەردەم كارو پیشەی ژناندا، وەكو راسپاردنی وڵاتی، كاری ژنان لەدەستی پیاواندایەو نەبوونی پشتگیری یاسایی بۆ كاری ژنان.

٥- نەبوونی ئاسانكاریو ئیمكاناتی پیشەییو ئاسایشی بەمەبەستی پاراستنو درێژەدان بەپیشەكانیان لەپاڵ ئەو ئەركانەی كەوەكو هاوسەرو بەتایبەت دایك لەئەستۆیاندایە.

٦- دابەشكردنی كاری كلاسیك لەخێزانو سپاردنی كاری ماڵ بەژنان كەكاری ژنان بەدژواریو گوشاری دەروونیو جەستەیی روبەڕووی دەبنەوە.

## بەشی هەشتەم:

## فرۆشتنی ژنان Selling Women

### بازرگانیكردنی جیهانی بەمرۆڤەوە

ئەمرۆ كەفەساد بۆتە یەكێك لەفاكتەرەكانی بازرگانی جیهانی كەرۆژ بەرۆژ لەزیادبووندایە هەندێك لەرێكخراوەكانی NGOو رێكخراوە نێودەولەتیەكان پێیان وایە كەناوی "كرێكارانی سێكس" لەسەر ژنانی لەشفرۆش دابنێنو بەناوی "پیشەی سێكس"ەوە بەجیهانی بناسێنن. وەكو چۆن كاركردن لەرێستۆرانتو كارگەو بازاردا بەپیشە ناودەبرێت، كاری سێكسیش هەروەها لەچوارچێوەی لەشفرۆشیدا بەپیشەیەك حساب بكرێت، بەلام لەراستیدا دەتوانین بلێین كچانی گەنجو تازە پێگەیشتوو كە بەناچاری لەشفرۆشیان پێدەكەن هیچ جیاوازییەكیان لەگەل كۆیلەكاندا نییەو رەنگە كۆیلەیەكی مۆدێرن بن. كرێكاران شتو مەك بەرهەمدێنن، بەلام ئەم ژنانە رێك وەكو دەورانی كۆیلەداری شتو مەكێكن كەبازرگانییان پێوە دەكرێت، دەیانكڕنو دەیانفرۆشن.

سالانە ١٠٠ هەزار ژن لەولاتە فەقیرو هەژارەكانەوە بەقاچاخ دەنێردرێن بۆ ولاتانی ئەوروپای رۆژهەلاتو ئۆسترالیاو ئیسرائیلو ژاپۆنو ئەمریكاو شێخ نشینەكانی عەرەبی كەنداوو ولاتانی تر.





كۆیلەداری سەردەم لەم بازرگانییەدا هەر سالە ملیۆنەها دۆلار سوودمەند دەبن.

٤٠٠,٠٠٠ تا ٥٠٠,٠٠٠ مندال لەهندستاندا خەریكی لەشفرۆشین كەزۆربەیان لە"نیپال"و "بەنگلادیش"ەوە هێناویانو قاچاخچێتیان پێوەدەكرێت.

هەموو سالێك تەنیا لە"باشووری ئاسیا"دا نزیكەی ٢٠٠,٠٠٠ ژنو مندال دەبنە قوربانی كارە قاچاخەكانی مرۆڤو زۆربەی گوندەكانی "باكووری ئاسیا" رەنگە كچی ١٣ تا١٩ سالی تێدا نەمابێت. زۆربەی كارە گەشتو گوزارییەكان لەزۆربەی ئەم ولاتانە بەهۆی مەسەلەی لەشفرۆشیەوەیە.

٨٠٠,٠٠٠ گەنج لە"تایلەند"دا لەژێر گوشارو ناچاركردندا كاری لەشفرۆشی دەكەنو وا بەراورد دەكرێت كە"پیشەی سێكس" ١٠ تا ١٤٪ی وەبەرهێنانی پەتی لەم ولاتەدا پێكهێناوە. بەپێی راپۆرتی رێكخراوی نێودەولەتی كرێكاران "تایلەند" لەم بوارەدا لەخراپترین بارودۆخدایەو ولاتانی "فیلیپین"و "مالیزیا"و "ئەندۆنیزیا"ش هەمان دۆخیان هەیە.

## باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا:

وڵاتانی باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا بەئاشکرا ریکلام بۆ لەشفرۆشی ناکەن، بەڵام بواری ئابووریو رامیارییان تارادەیەك گرێدراویەتی. باش دەزانن چ هۆکارگەلێك زیاترین توریستو سەیرانکەر بۆ وڵاتەکەیان رادەکێشێتو بۆچی کچە گەنجەکانیان رەوانەی دەرەوەی وڵات دەکەن. ئەم وڵاتانە لەم رێگایەوە باشتر دەتوانن قەرزەکانیان بدەنەوە بەسندووقی نێودەوڵەتی پارەو بانکی جیهانیو لەمڕووەوە گەورەترین گەوادانی نێو نەتەوەیین.

داهاتی باجی رەسمیو نارەسمی (رشوە) بەدەستدێت لەئەنجامی مۆڵەتدان بەمەشروب فرۆشەکانو رێستۆرانتو ئوتێلو شوێنەکانی تر کەبوونەتە ناوەندی داپۆشینی کاری لەشفرۆشیو هەروەها داهاتێك کەلەم ناوەندانەوە بەدەستدێت دەخرێتە گەڕ بۆ بەشەکانی تری بازرگانیکردنو پیشەسازی.

لەراستیدا لەشفرۆشی بەشێکە لەئابووری ئەم وڵاتانەو تەواوی لایەنو بەشە سەرمایەدارییەکان بەشێوازی راستەو خۆو ناراستەوخۆ لەم "پیشە"یەدا تێکەڵبوونو بەهۆی سوود وەرگرتن لەو بوارەدا ئەو کارەیان دروست کردووەو پەرەی پێدەدەن. بەرواڵەت دەڵێن کەبەرەنگاری "سێکسی تۆریزم" دەکەن، بەڵام لەراستیدا بەهیچ جۆرێك ئەو کارەیان سنووردار نەکردووە.

زۆربەی ژنان بەهۆی هەژاریو بارودۆخی ئابووری خراپی وڵاتەکەیان تووشی فەسادو لەشفرۆشی دەبن.

قەیرانی ئابووری باشووری ئاسیا لەکۆتایی ساڵەکانی ١٩٩٠ بارودۆخەکەی خراپتر کرد.





رێژەی ئەو ژنانەی روویان کردۆتە لەشفرۆشی بەشێوازیکی مەترسیدار رووی لەزیادبوون کردو تەنانەت ئەو وڵاتانەش کەکاری "پیشە سێکسی" تێدا نەبوو روویان کردە ئەم کارە، بۆ نموونە "ڤیتنام"و "کامبۆج" کەسەدەیەك لەمەوبەر دەرگاکانی بۆ تۆریستەکان داخرابوو ئێستا "پیشەی سێکس" بۆ تۆریستەکان کراوەتەوەو بووەتە هاوشێوەی وڵاتانێك وەکو "تایلەند"و "سریلانکا"و "فلیپین".

سەرمایەی ئیمپریالیستی ئەو جۆرە کامڵبوونە کە لەو جۆرە وڵاتانەدا بەدوایدا دەڕوات لەشفرۆشی زیاتر دەکاتو پەرەی پێدەدات، بۆ نموونە کاتێك کەسەرمایەداری لەهەندێك لەناوچەکانی تایلەندا بەو رادەیە گەشەی سەند کەشانازییان بەبارودۆخی ئابوورییان دەکرد، ئاستی ئابووری لەگوندەکاندا هاتە خوارەوەو ژیانی گوندنشینەکانی ئاستەنگ کردو لەبواری ماڵییەوە لاوازبوونو تەنانەت کارێك نەبوو خۆیانی پێوە ماندوو بکەنو نانی رۆژانەیانی پێ بەدەستبهێنن.

لەوڵاتی تایلەندا هەر ساڵێك لەشفرۆشان کە لەگوندەوە بۆ شار رۆیشتبن بڕی ٣٠٠ ملیۆن دۆلار پارە دەگەڕێتەوە بۆ گوندەکانیان کەخێزانەکانیان بژێوی ژیانیان دابین بکرێت.

لەوڵاتی "کابۆج"دا، ٩٨٪ی کچە لەشفرۆشەکان بوونەتە سەرچاوەی داهاتی خێزانەکانیان. رێکخراوە سەربەخۆکان بەراوردیان کردووە کە: زۆربەی ژنان ئەگەر دەست بەربدەن لەکاری لەشفرۆشی ئەوا باوكو دایكو منداڵەکانیان برسی دەمێننەوە.

**وڵاتانی پێشوی بلۆکی سۆڤیەت:**

جیابوونەوەی بلۆکی سۆڤیەت یەکێکە لەسوودبەخشترین بوارەکانی ئابووری کەسەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ چارەڕەشی مرۆڤەکانی ئەو کۆمەڵگایە.

وڵاتی "ئەلبانیا"و "ئۆکراین"و "مێلدوانیا" کە لەوڵاتانی نەقیرو هەژاری ئەوروپان، گەورەترین داهاتی مادییان ناردنی ژنانە بۆ کۆیلەیی لەرۆژئاوادا.

ساڵانە زۆرێك لەژنان لەوڵاتانی پێشوی بلۆکی سۆڤیەتەوە بەقاچاخ دەبرێن بۆ ئەوروپای رۆژئاواو ئەمریکا وەکو "ئەسلۆواکیا"و "روسیە"و "گورجستان"و "ئەرمەنستان".

قاچاخی ژنان لەم وڵاتانەدا بووەتە بەشێك لەئابووری ئەم وڵاتانە. قاچاخی ژنان لەم وڵاتانەدا رۆڵێکی زۆ دەنەخشێنێت لەبازاڕو ئابووری وڵاتەکەیاندا.

داهاتێك کە لەئەنجامی لەشفرۆشی بەدەستیان دەگات، سەرف دەکەن بۆ کردنەوەی تەلاری بەرز لەوڵاتەکەیاندا وەکو تەلاری بەرزی "تیرانا" لەئەلبانیاو تەلاری بەرزی "چیزیناو" لەمێلدونیا.

رێکخراوی یونسێف بەراوردی کردووە کە لەماوەی ساڵی رابردوودا ١٠٠،٠٠٠ کچی گەنجی "ئەلبانیا"ی قاچاخکراون بۆ وڵاتانی ئەوروپای رۆژئاواو باڵکان، ئێستا بەپێی دوایین سەرژمێرییەکان ٣٠،٠٠٠ ژنی ئەلبانیایی لەوڵاتانی رۆژئاوای ئەوروپادا خەریکی لەشفرۆشین‌و بەپێی ئەو بەڵگەنامانەی کە لەلایەن "یۆنسێف"و رێکخراوی "بەرگری لەماف





منداڵان"ەوە بڵاوبوونەتەوە ٨٠٪ی ئەوانەی کە لەئەلبانیاو مێلدوانیاوە قاچاخ دەکرێن بۆ دەرەوە، منداڵن‌و تەمەنیان کەمە.

کچان‌و ژنان لەرێگای ریکلامی درۆو قسەی ئەم‌و ئەوو رەفیق‌و خزم‌و کەسەکانیانەوە دەخەڵەتێن‌و بەبۆنەی کارکردن، وەکو کاری چێشتلێنان‌و منداڵ بەخێوکردن‌و کار لەرێستوراندا بۆ ژنان، دەکەونە داوی راوچییەکانی مرۆڤ. زۆربەی قاچاخەکان لەرێگای باندە مافیاییەکان‌و رێگرەکانەوە کەوەعدەی ژیانی باش‌و بەدەستهێنانی پارەی زیاتریان پێدەدەن، ئەنجام دەدرێت. هەر ئەوەندەی ئەو ژن‌و کچە گەنج‌و منداڵانە لەسنوور تێدەپەڕن دەخرێنە مەعرەزی هەراج‌و دەیانفرۆشن بەخاوەنە تازەکانیان تا ئەو کچ‌و منداڵانە قەرزی مافیاکان‌و قاچاخچییەکان بدەنەوە کەبردوویانن بۆ دەرەوەی وڵات بەبیانووی کارەوەو ناچاریان دەکەن بۆ دانەوەی قەرزەکانیان. لەناو هەفتەدا ئەگەر لەشیان بخەنە بەردەستی دەیان کەس قەرزەکانیان هەرگیز کۆتایی پێنایەت، چونکە نیوەی داهاتیان دەدەنە قەحپەخانەکان‌و نیوەی دیکەشی دەدەنە قاچاخچییەکان. قاچاخچییەکان پێیان دەڵێن ئەگەر بەپۆلیس بڵێن خۆتان دەستگیر دەکەن‌و دەبێ خێزانەکانتان ئەو قەرزەمان بدەنەوە. ئەوانیش بەهۆی ئەو ترس‌و لەرزەوە ناچار دەبن هەر درێژە بەو کارە بدەن کەقەدەد چێژی لێوەرناگرن‌و زۆربەی کاتیش هەڕەشەی کوشتنیان لێدەکرێت. ئەگەریش لەوێ رابکەن‌و هەڵبێن زۆربەیان ناتوانن بگەڕێنەوە وڵاتی

خۆیان‌و هەندێکیشیان کەئازان‌و هەڵدێن دیسان دەگیرێن‌و قاچاخیان دەکەن‌و دەگەڕێنەوە بۆ شوێنی خۆیان.

## بازرگانی جیهانی

لەحاڵێکدا باشووری ئاسیاو ئەورووپای رۆژئاوا سەرەکیترین وڵاتانن بۆ دابینکردنی کچانی گەنج کەقاچاخ دەکرێن بۆ رۆژئاوا، بەڵام هەژارترین ناوچەکانی جیهان کەوتوونەتە بەر ئەو بازرگانییە سوودبەخشە بۆ مافیاکان. هەر ساڵەی نزیکەی ١٠٠٠ نەفەر لەتەمەنی ١٤ تا ٢٤ ساڵ لەمۆزامبیکەوە بۆ جۆهانسبێرگ قاچاخ دەکرێن‌و بەناچار لەرێستۆرانت‌و شوێنەکانی لەشفرۆشی کاردەکەن.

رێکخراوی نێونەتەوەیی رایگەیاند کە لەبەرازیل نزیکەی ٢ ملیۆن نەفەر لەگەنجەکانی ژێر تەمەنی ١٨ ساڵی خەریکی لەشفرۆشین.

هەزاران نەفەر لەژنانی "کۆلۆمبیا" بەوەعدی پیشەو کاری درۆ لە"ژاپۆن" دەکەونە دوای قاچاخچییەکان. ئەو ژنانە لەسەرەتای هاتنیان بۆ ئەو وڵاتانە نازانن چ شتێك چاوەڕێیان دەکات، بەڵام دەوڵەتی ژاپۆن بەدەرکردنی ڤیزایەك بەناوی "گروپی سرك" باش دەزانن چ شتێك چاوەڕێیان دەکات‌و تەنانەت وڵاتانی ئیسلامیش وەکو (ئێران‌و مەراکیش‌و تونس) لەم سێ دەیەی دوایدا بەشێوازی شاراوەو بەقاچاغی، وڵات بەوڵات چوونەتە ناو فەسادو مافیای نێونەتەوەیی لەحاڵێکدا کەحیجابی زۆرەکی نیشانەی ستەم‌و زاڵبوونی پیاوانی ئاینییە. زۆربەی ژنان لەو وڵاتانەدا بەناچار قاچاغ دەکرێن بۆ وڵاتانی





کەنەداو شێخ نشینی عەرەبی. بەپێی هەواڵێکی هەواڵنێری ئێرانی "ئێرنا" هەر رۆژە ٥٤ کچی ئێرانی کەتەمەنیان لەنێوان ١٦ تا ٢٥ ساڵانن بازرگانیان پێوە دەکەن بۆ "کەراچی" پایتەختی پاکستان کەزۆربەیان قاچاغ دەکرێن بۆ وڵاتانی تر. دیاریکردنی رەوەندە نێونەتەوەییەکانی ئەو تاوانە زۆر دژوارە.

بەپێی سەرژمێری وەزارەتی ناوخۆی ئەمریکا، هەر ساڵەی لەنێوان ٦٠٠,٠٠٠ تا ٨٠٠,٠٠٠ نەفەر لەسنورەکانەوە بەقاچاغ دێنە ئەم وڵاتەوە. ئەو سودەی ساڵانە لەم بازرگانیکردنەدا بەدەستدێت چەند بلێون دۆلارە.

لەکۆنفرانسی (conference) "ئەسینا" ئاشکرا کرا ٢٠,٠٠٠ ژنی بیانی کەزۆربەیان لەوڵاتانی بلۆکی سۆڤیەتی پێشوون وەکو کۆیلەی سێکس لەبازرگانییەکی یەك بلیۆن پیاو لەئەسینا بەکاردەهێنرێت.

ئەمرۆکە زیاتر لە٨٠,٠٠٠ ژن لەبەریتانیا خەریکی لەشفرۆشین‌و بەپێی راپۆرتێکی زانستی راگەندراوە کەپیاوان ٢٠٠ ملیۆن پاوەند لەساڵدا خەرجی ئیشی سێکسی دەکەن، ئەو کارو پیشەیە لەبەریتانیا ساڵانە نزیکەی ٧٧٠ ملیۆن پاوەند سوود دەدات.

ساڵانە نزیکەی ٦٠٠,٠٠٠ نەفەر بەشێوازی نایاسایی (قاچاغ) دەڕۆنە ئەورووپای رۆژئاوا کەزۆربەیان کاڵکی سێکسیان لێوەردەگیرێت.

ساڵی رابردوو پۆلیسی لەندەن ٣٠٠ کچی گەنج‌و ١٠ منداڵی لەلەشفرۆشخانەکان هێنایە دەرەوەو لەم رێژەیە ١٩٪ی بەریتانی‌و

زۆربـــەیان لەئـــەوروپای رۆژئـــاوا ٢٥٪ بـــوونو هـــەروەها باشـــووری رۆژهەلاتی ئاسیا ١٦٪و ئەوروپای رۆژئاوا ١٢٪و ئەفریقا ٢٪.

زیـــاترین رێـــژە لـــەولاتانی "تایلەنـــد"و " روســـیا"و "بـــەرازیل"و "کۆسۆڤۆ"دایە. بەرێوەری پۆلیس "کریس برادفۆرد" رایگەیاند: ئەوە وەکو بازاری کۆیلە دارییە.

**گاردییەکان، ١٩ی ئابی ٢٠٠٤**

بارودۆخ لە"فەرەنسا"و "ئیتالیا"و "هۆلەندا "و "ئەلمانیا"و "سوید" باشتر لەم ولاتانە نییە.

پۆرنۆگرافیـــا (pornography) لـــەبواری رەفتـــارەوە ئـــەو ژنانـــەش دەگرێتەوە کەشـازن (لێزبیـەن) لەپێوانەیـەکی گـەورەتردا دەتوانرێـت بەبەشێك لەپیشەی سێکس دابنرێت.

داهـاتی فلیمـە (پۆرنـۆ)کـان "porno" واتـە فیـتمو وێنـەی سێکسی لەئەمریکا زیـاتر لـە١٥ بلیـۆن دۆلارەو داهـاتی فـیلمو وێنـە رووتـەکان لەداهاتی فیلمەکانی هۆلیـوود زیـاترەو سوودەکانیـشی لـەوە زیـاترە، ئـەوەش بـەهۆی نـاردنی ژنـان لەئـەوروپای رۆژئـاواوە بـۆ ئـەویَ. لەبـــەریتانیا BBC ئاشـــکرایکرد کەبەرپرســـی یـــەکێك لـــەگۆڤارە یاساییەکانی بلاوکراوەی سێکسی یەکێکـە لەلایـەنگرانی مـالی گرنگـی حزبی کرێکاری "بلێر".